## وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار**

**ژمارە:٧٥١١**
**رێكەوت:٢٠٠٨/٧/٢٤**

# ڕێنمای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٨)
# دەربارەی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی ٢٠٠٧
# تایبەت بە هەموار كردنی یەكەمی جێ بەجێ كردنی یاسای ڕێكخستنی موڵكایەتی كشتوكاڵی لە كوردستان _ عیراق
# ژمارە(٩٠) ی ساڵی ١٩٧٥

بەپێ ی ئەو دەسەلأتەی كە پێمان دراوە بەپێ ی مادەی سێیەم لەیاساكەدا ئەم ڕێنماییەمان دەركرد

**مادەی یەكەم /**

مافی بەكار هێنانی زەوی كشتوكاڵی وزەوی بەدار چێنراو دەچەسپی كە تەمەنیان لە (١٠) ساڵ كەمتر نەبێت هەر لە ڕۆژی كەشفەكەوە كە تیكرای دار لە هەردونمیك دالە (٤٠) دار (بەبەر بێ یان بێ بەر) كەمتر نەبێت لەو شوێنانەی تەسویە نەكراون یان تەسویەكردنەكەیان تەواو نەكراون ، یان بڕیاری مافی چەسپاندنی مافی زەوی بەپێ ی یاسای چاكسازی كشتوكاڵی ژمارە(١١٧) ی ساڵی ١٩٧٠ نەگەیشتونەتە پلەی كۆتایی یان بڕیاری تەسویە ڕەت كراونەتەوە ئەگەر بۆ بەكارهێنەر ساغ بووە كە بەپێ ی هەڵسوكەوتی كشتوكاڵانە بەر لەدەرچوونی یاسایی چاكسازی كشتوكاڵی كە ئاماژەی پێكراوە لەسەرەوە زەویەكەی بەكار هێناوە و ئەو رووبەرەی كە لە ژێر دەستی خۆیدایە بەناوی دەوڵەتەوە تۆمار دەكرێت و مافی بەكار هێنانیش بۆ بەكار هێنەر دیاری دەكرێت بە مەرجێ لە و سنورە تێنەپەڕێ كە لە مادەی دووەمی یاسایی ژمارە (٩٠) ی ساڵی ١٩٧٥ دا هاتووە لەگەڵ دەستكاری نەكردنی ئەو مافانەی بەپێ ی ئەو بە دەرانەی (استپناوات) لە بڕگەكانی ( ١و٢و٣و٤ ) هاتووە .

**مادەی دووەم/**

بڕیارەكانی دابەش كردنی زەوی و گرێ بەستەكانی كشتوكاڵی پوچەڵ دەكرێتەوە كەلەگەڵ جوتیارەكاندا مۆر كراون لەو كارتانەی مادەی یەكەمی ئەو ڕێنمایە دەیگرێتەوە.ئەگەر كەسێكی تر ووتی مافی بەكارهێنانی هەیە بەرلە دەرچوونی (جێ بەجێ كردنی ) یاسایی ژمارە (١١٧) ی ساڵی ١٩٧٠ وەتا ئێستاش بە پێ ی بەڵگەنامەكانی یاسایی لە كاتەی لیژنەكان هەلدەستن بە چەسپاندنی مافی زەویەكان لە كەرتەكە.

**مادەی سیەم/**

١.داوا لە بەڕێوەبەرایەتیەكان و تیبینەرایەتیەكانی تۆمارگە بكرێت بە ناردنی وێنەكانی تۆمار نامەی ئەو زەویانەی لەلای ئەواندا تۆمار كراون بدەنە لیژنەی چەسپاندنی ماف و ئەگەر لە لایان هەبوو كە كەوتونەتە سنوری كەرتەكانیان (بنكەكانیان ) بۆئەوەی بەراورد بكرێت پێش ئەوەی دەست بە ئەنجام دانی كەشفی موقعی بكرێت.

٢.ئامادەكردنى نەخشەكانى ئەو كەرتانەى كەوا راگەيەنراون و جێ متمانەن پێش دەست بە كار بوون ، وە بكرێتە سەرچاوە بۆكارى داهاتوو.

**مادەى چوارەم/**

أ- تيمى ڕوو پێوان بۆ ڕووپێوكردنى ئەو كەرت و سنورانەى ديارى نەكراون پێك دێت لە دوو ڕوو پێو.

ب- ليژنەكانى مافى چەسپاندنى زەوى لەپارێزگاكانى هەرێمى كوردستان بەسەرۆكايەتى فەرمانبەرێكى ماف پەروەر يان فەرمانبەرێك شارەزايى باشى هەبێت لەكاروبارى زەوى و زار وە بەئەنداميەتى فەرمانبەرێكى كشتوكاڵ و ( ١ ) ڕووپێو لەگەڵ فەرمانبەرێكى شارەزا لە كۆمپيوتەر.

ج-ليژنەى ووردبينى :- بەسەرۆكايەتى فەرمانبەرێك لەكاروبارى زەوى خاوەن ئەزموون بێت وە بە ئەنداميەتى رووپێوێك و فەرمانبەرێكى شارەزا لە كۆمپيوتەر .

د- ليژنەى بە دوادا چوونەوە :- بەسەرۆكايەتى بەڕێوەبەرى زەوى و زار و فەرمانبەرێكى شارەزا لە كاروبارى زەوى وە بە ئەنداميەتى رووپێوێك.

**ماددەى پێنجەم/**

١.ليژنەكە سەبارەت بە وادەى دەست بە كاربوونى بەپێ ى ڕێو شوێنى ياسايى دەسەلآتى ئيدارەى ناوچەكە ئاگادار دەكاتەوە.

٢.بەڕێوەبەرايەتى گشتى زەوى و زار خاوەن زەوى و خەڵكانى پەيوەندار ئاگادار دەكاتەوە تا داوا و بەڵگەنامەى ياسايى خۆيان پێش كەش بە فەرمانگەكانى كشتوكاڵى بكەنەوە لە قەزاو ناحيەكاندا لە ماوەى ( ٣٠ ) رۆژ لە بەروارى راگەياندنەوە ئاگاداريش لە ناوەندى يەكە ئيداريەكان و لە دەرگاى مزگەوتى ( گوندان ) هەڵدەواسرێ و لە رۆژنامە بەربلآوەكان بلآودەكرێتەوە.

٣.ليژنەكە هەڵدەسێت بە ديارى كردنى رۆژى كەشف و لێكۆڵينەوە لەكەرتەكە كە چەسپاندنى مافى زەوى و و باخچەكانى بۆ ئەنجامدەدرێت لەسەرداواى داواكار لەماوەى ( ١٥ ) رۆژ لە رۆژى بلآوكردنەوەى ئاگاداريەكان لە هەموو ڕاگەياننەكان و يەكەكانى كارگێڕى وێنەيەكى لە و ئاگاداريە لە مزگەوتى گوند هەڵدەواسرێت .

٤. لەڕۆژى ديارى كراودا ليژنەكە دەچێتە سەرزەويەكەو چەند جوتيارێك دەست نيشان دەكات يان دەستەى ريش سپيانى گوند هەڵدەبژێرێت سەبارەت بەو زانيارى و شارەزاييەى كى هەيانە لە بارەى زەوى وزار تاسووديان لێ وەربگرێت بەدەر لە ئامادە بوونى خاوەن زەوى يان هەركەسێك كە نوێنەرايەتى ئەكات ئامادە نەبوو ليژنەكە دەست بە كارى خۆى دەكات.

**ماددەى شەشەم/**

كاتێ ليژنەكە دەست بەكاردەبێت ئەم ئەركانە دەكات :-

أ/ كۆنوسێك رێك دەخات كە ئەمانەى خوارەوەى تێدا بێت:-

١. ژمارەى زنجيرەى تاپۆ جۆر و توخمى زەوى و شێوەكەى وە شيوازى ئاودانى و رووبەر و سنورەكەى و شوێنەكەى سەبارەت بە هێڵى باران ( باكور يان باشورى هێڵى باران بارين) ئەگەر زەويەكە دێم بوو هەروەها بۆزانين كامەيان دەكەوێتە نێو سنورە شارەوانيەكانەوە.

٢. جۆرى ئاودانى ئايا بەش دەكات و هۆكارى و چاووگى ئاودانەكە.

٣. پيتاويتی زەوی ئايا بە بيتە يان بیٚ بيتە.

٤. ئەو مافەی کە هەيەتی يان لەسەريەتی.

٥. رووبەری چاندراو بەدار و جۆری چاندنەکە وە ژمارەی لە هەردۆنمێکا و تەمەنيان و ژمارەی ئەوانەی بەردارن .

٦.بينا لەرووی جۆرو شوێن وکەرەستەی بەکارهاتوو تەمەنی جۆری ئەو سوردەی لیٚ ی وەردەگيریٚ و دياری کردنی رووبەرەکەی

٧.چەسپاندنی مافی چاندن لە پارچەکە لە حاڵەتی هەبوونی گریٚ بەست وە يان رێکەوتن لە نێوان چێنەرو ئەوەی پیٚ ی دەگوتریٚ ( خاوەن زەوی ) وەيان هەبوونی شاهيد کە پشتگيری لەوە بکات کە پەيوەندی لە نيوان هەردوولايەن هەيە.

ب/ رێك خستنی نەخشەکان بۆهەرکەرتێك کە ئەمانەی خوارەوەی تێدا روون بکرێتەوە:-

١.يەکەی پێوانەی وێنە.

٢. سنوری هەر پارچەيەك لەگەڵ دياری کردنی سنوری پارچەکانی هاوسنوور.

٣. هەموو ئاوەدانی مافێکی موجەرەد دادە بەزێنرێت.

٤. نەخشە لەلايەن سەرۆك و ئەندامانی ليژنەوە واژوو دەکرێت.

**ماددەی حەوتەم/**

پێويستە ليژنەکان شوێنەوارو بەردينگە وکانی و رێگاو بانی گشتی و جۆگا و رووبار و کانیو ئاوبارو گۆرستان و گوند ئەو شوێنانەی بۆدەزگای گشتی زەوی و زاری ژێرئاو ئەو زەويانەی بۆچاندن ناشێن و ئەوانەی ناکرێت چاکبرێن دياری بکەن ، هەروەها ليژنەکان دەبیٚ شوێنی لەسەر زەوی و لەسەر نەخشەکاندا دياری بکەن وە بڕيار بدات کە زەويەکە اميريە وە بە ناوی وەزارەتی داراييەوە تۆمار دەکرێت.

**ماددەی هەشتەم /**

١- داوای هەموو بەڵگە نامەکانی فەرمی تايبەت بە زەوی بکرێت.

٢- ئەگەر دەرکەوت خاوەن زەويەکە مردووە وەرەسەی هەيە ليژنەکە بۆی هەيە ئەو پارچە زەويە بەناوی وەرەسەوە تۆمار بکات بەپیٚ ی قسامی ياسايی تەنيا ئەگەر هاتوو (ملك صرف) بوو داوای دابەش نامەی شەرعی لی دەکرێت و وەرەسە بە تەنيا کەسێك دادە نرێت .

٣- ئەگەر لە کاتی چەسپاندنی مافی زەويدا دەرکەوت کەبەشی باو (سهم شائعه) لە پارچەکەدا هەيە ليژنەکە بارچەکە بەناوی هاوبەشان و هەريەکەيان بە پیٚ ی بەشەکەی دەنوسێت.

٤- دەبیٚ تێکڕرای ئەو ڕووبەرانەی مافی بە کارهێنانيان بۆکەسێك دياری دەکرێن لەم ياسايەدا لەگەڵ ئەو ڕووبەرانەی پێشتر لە هەرپارچەيەکی تردا بۆی دياری کراوە دەبیٚ لە سنوری باڵايە تێنەپەرێنی کە بۆمافی بەکارهێنان دياری کراوە ئەگەر ئەو رووبەرەی مافی بەکار هێنانی بۆخاوەن تابۆ دياری دەکرێت لە ڕووبەری موستەحەقی خۆی زياتر بوو لە کاتی دياری کردنی ئەو ڕووبەری موستەحەقی خۆيەتی دەزگای چەسپاو يان ئەو چاندراوانەی هی ئەون ڕەچاو دەکرێن هەروەها ئەوەش ڕەچاو دەکرێت کە ئەو ڕووبەرەی مافی بە کار هێنانی بۆ دە چەسپێت بە دەم يەکەوە بێت لە يەك کەرت يان لە کەرتێك زيارتر بێت بە پیٚ ی

توانا فرە لایەن لە مافی بە كار هێنانی زەوی و زاری ئەمیری یان لە نێوان خاوەن مافی بە كار هێنان لە خێزانی جۆراو جۆر بە پەسەند نازانرێت.

**ماددەی نۆیەم/**

لیژنەی بە دوادا چوون ووردبینی لە هەر پارێزگایەك دا راپۆرتی مانگانەی پێشكەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی وزار دەكات كە تێیدا كاری لیژنەكان و دەست كەوتەكانیان و روون كردنەوەی ئاستەنگەكان دەگرێتە خۆ و وێنەیەكی ئەو راپۆرتە دەدرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی پارێزگاكان.

**ماددەی دەیەم/**

١- لێژنە بڕیاری مافی بە كارهێنانی زەوی دەردەكات و هەموو ئەو كەسانەی كە پەیوەندیدارو ئامادەبوون لە بڕیارەكەدا حاڵیان دەكات

٢- دەبێ بەڕێوەبەرایەتیەكانی كشتوكاڵ لە پارێزگاكاندا بڕیاری لیژنەكە لە ڕۆژنامەیەكی بەربلاٌوی ناو خۆیدا بلاٌوبكەنەوە خەڵكانی پەیوەندی دار بۆیان هەیە لە ماوەی ( ٣٠ ) سی ڕۆژ لە ڕۆژی بلاٌوكردنەوەی ئاگاداریەكە نارەزای دەرهەق بە بڕیاری لیژنەكانی چەسپاندنی مافی زەوی دەرببڕن.

٣- نارەزای بی سكالاٌنامەیەك دەبێت كە تێیدا ژمارەو بەرواری ئەو بڕیارەی كە لێ نارازین و هۆی نارازی بوونەكە دیاری دەكرێت كە لە ڕێ ی بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەكانی كشتوكاڵی لە پارێزگاكاندا پێش كەش بە وەزیری كشتوكاڵی دەكرێت .

٤- پاش بەسەرچوونی ماوەی نارەزای .بەرێوەبەرایەتیەكانی كشتوكاڵی لە پارێزگاكاندا بڕیارەكانی لیژنەكەو نوسراو كۆنوس و ئەو نەخشانەی پەیوەندیدارن بەوانەوە بۆبەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار دەنێرێت بۆئەوەی وەزیری كشتوكاڵ پەسەندیان بكات ئەگەر هەرنارەزای یان ململانییەك هەبێت دۆسیەكە بۆدادگای تەمیزی هەرێمی كوردستان رەوانە دەكرێت بۆئەوەی لێ ی بڕوانێت .

٥- بەرێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار بڕیارەكانی بۆئەو لیژنانە دەنێرێتەوە كە دەری كردووە ، بۆئەوەی هەر هەڵەو كەم و كورتیەك ئەگەر هەبیت ڕاستی بكەنەوە.

**ماددەی یازدەهەم/**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار وێنەی پەسەند كراوی ئەو بڕیارانە لە گەڵ نەخشەكاندا دەداتە فەرمانگەكانی تاپۆ بۆ جێ بە جێ كردنی و تۆمار كردنیان بەبێ وەرگرتنی باج.

**عبدالعزیز طیب**
**وەزیری كشتوكاڵ**